




### خانمە سەمیرە سەعید گۆرانیبێژی عەرەب بۆ گوڵان:

# زۆرم پێخۆش بوو بە کوردی گوتم هەولێر خۆری کوردستان




**بە یەکێك لە کۆنترین ئەو هونەرمەندانە دادەنرێت کە تا ئێستا لە گۆرانی وتن بەردەوامە، چونکە لە تەمەنی ٨ ساڵییەوە دەستی بە گۆرانی وتن کردووە دوای ئەوەی لە بەرنامەیەکی دۆزینەوەی بەهرەکاندا بەشداری کرد، بەم دواییە گۆرانییەکی بۆ شاری هەولێر وت بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەك پایتەختی گەشتیاری عەرەبی بۆ ساڵی ٢٠١٤ کە بە یەکێك لە گۆرانییە خۆشەکانی دادەنرێت و بە کلیپ بڵاوی کردەوە، دوای بڵاوبوونەوەی گۆرانییەکە لە زۆر لایەنەوە رەخنەی لێگیرا، سەبارەت بەو رەخنانەی لێی گیراوە و چەند پرسێکی دیکە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز کرد.**

**• بەر لەوەی گۆرانیی (هەولێر) بڵێی، لە نزیکەوە هیچ زانیارییەکت دەربارەی شاری هەولێر و کوردستان و گەلی کورد هەبوو؟**

- بەر لە هەر شـــتێك دەمەوێ ئـــەوە بڵێم کە زانیاریم هەیە دەربارەی ئەوەی میللەتی کورد خاوەن مێژوویەکی دێرین و میللەتێکی ئازا و نیشتمانپەروەرە هەر ئەمەشە بووەتە هۆکاری ئەوەی ئێـــستا ســـەربەخۆ بن، من بەر لە ماوەیەك سەردانی شـــاری هەولێرم کردووە، شـــارێکی خۆش و ئاوەدانیی زۆری تێدا دەکرێ، ئەمەش کارێکـــی زۆر جوانە، لە یەزدان داواکارم گەلی کوردو هەموو گەلانی ناوچەکە و جیهان بە خۆشی و ئاشتی و برایەتی بژین.

**• ئایـــا ئاواز و تێکســـتی گۆرانییەکە لەو ســـتایلە نزیـــك بوون کە تۆ پێی ناســـراوی، یاخود ســـتایلێکی نوێیە و تۆ ویستت تاقیی بکەیتەوە؟**

- لە راســـتیدا من لەو ســـتایلە گۆرانیم وتـــووە و کاتێـــك یەکـــەم جـــار لەگەڵ موزیسیانە گەورەکانی وەك بەلیغ حەمدی

و موحەممـــەد ئەلموجی و چەندانی دیکە کارم کرد و زۆریش بەو ســـتایلە گۆرانیـــم وتووە بۆیە یەکەم جار نییە تاقی بکەمەوە بۆیە بۆ من زۆر ئاسایی بوو، هەروەها موزیسیان هەڵکەوت زاهیر بە توانا و زیرەکە، چونکە ئاوازێکی بە شێوازی کلاسیك داناوە بۆ ئەوەی من گۆرانییەکی نیشتمانی بڵێم و لە منەوە نزیك بوو، سەبارەت بە تێکستی گۆرانییەکەش کە دکتۆر ئاراس عەبدولکەریم نووسیویەتی تێکستێکی زۆر جوان و ناسکە کە خوێندمەوە حەزم کرد بیڵێم.

**• هیچ شتێکی دیاریکراو یان سەرنجڕاکێش هەیە لە گۆرانییەکە سەرنجی تۆی ڕاکێشابێ و هانیدابی بۆ وتنی؟**

- بێگومان هەموو شـــتێکی سەرنجی ڕاکێشام تێکست و ئاوازی و دەرهێنانی فادی حەدادیش جوانییەکی زیاتری بە گۆرانییەکە بەخشـــی، چونکە ئێستا بە یەکێك لە باشـــترین دەرهێنەرەکانی وڵاتانی عەرەبی بە گشتی و ئەم ناوچەیە بەتایبەتی دادەنرێت، هەروەها هەولێر بە یەکێك لە خۆشـــترین ناوچەکانی نیشـــتمانی عەرەبی دادەنرێت، گەلی کوردیش خاوەن شارستانییەتێکی دێرینە کە جیاوازە لە شارستانییەتەکانی دیکە، هەروەها یەکێك لە جیاوازییەکانی دیکە ئەوە بوو کە بۆ یەکەم جار چەند وشەیەکم بە زمانی کوردی وت وەك (هەولێر خۆری کوردستان).

**• شاعیر و ئاوازدانەرەکە جیاواز بوون لەگەڵ ئەوانەی پێشتر کارت لەگەڵ کردوون، چۆن رازی گۆرانییەك بڵێی کە پێشتر ئاشنای شاعیر و ئاوازدانەرەکە نەبووی؟**

- من ســـەیری کارەکانی مۆســـیقار هەڵکەوت زاهیرم کردووە و پێموایە کارەکانی پێشووی زۆرجوان و سەرنجڕاکێش بوون، هەروەها پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی باشـــمان هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش لە قاهیرە دانیشتوون لەگەڵ شاعیر دکتۆر ئاراس عەبدولکەریم و دوای ئەوەی لەسەری ڕێککەوتین تۆمارمان کرد دواتریش بە کلیپ بڵاومان کردەوە و سوپاس بۆ خوا کە پێشوازییەکی باشی لێکرا.

**• سەبارەت بە کلیپەکە، تۆ هیچ دەستکارییەکت کرد؟**

- نەخێر بەهیچ شـــێوەیەك دەســـتکاری هیچ شـــتێکم نەکرد، چونکە فادی حەدداد دەرهێنەرێکی زۆر باش و بە توانایە و کارەکانی زۆر جوانن.

**• پێش تۆ مەیادە گۆرانییەکی بۆ کوردســـتان وت، ئایا ئەم گۆرانییەی مەیادە هیچ کاریگەرییەکی بەســـەر تۆوە هەبوو؟**

- بێگومان گوێم لە گۆرانییەکە گرتووە بەراستی کارێکی زۆر جوانە.

**• ئەگەر داوات لێکرا بووا بە زمانی کوردی گۆرانی بڵێیی رازی دەبووی؟**

- بـــە دڵنیاییـــەوە رازی دەبم و ئەگـــەر کاری لەم جۆرە هەبێت من ئامادەم بیڵێم، بەڵام تا ئێســـتا بیرم لێ نەکردۆتەوە و هەر کاتێك بزانم سەرکەوتوو دەبم بە دڵنیاییەوە ئامادەم گۆرانییەك بە زمانی کوردی.

**• هیچ پرۆژەیەکی نوێت هەیە بۆ دوارۆژ سەبارەت بە هەولێر و کوردستان؟**

- ئەوەی راستی بێت تا ئێستا دەمەوێ بزانم دەنگدانەوەی ئەم کارەم چی دەبێت، بە نیازم ئەم ساڵ سەردانی شاری هەولێر بکەم و ئەگەر هەر کارێکی نوێم هەبوو ئەوا ئەو کات قسەی لێدەکەین.

**• گوێ بیســـتی ئەوە بووین کە ڕووبەڕووی رەخنەیەکی زۆر بوویتەوە بەهۆی وتنی ئەم گۆرانییە، ئایا ئەمە تا چەند راستە؟**

- لە رۆژی وێنەگرتنی کلیپەکە من کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی گەورەم ئەنجامدا کە نوێنەری زیاتر لە ٥٠ دەزگای راگەیاندن ئامادەی بوون لەنێوان رۆژنامە و گۆڤار و کەناڵی تەلەفزیۆنی و ویبسایتی ئەلیکترۆنی بە ئاشکرا پێموتن گۆرانییەکەم بۆ کوردستان و شاری هەولێرە و بۆ من گرنگ نییە خەڵك چـــی دەڵێن و کاردانەوەیان چی دەبێ، من شـــانازیی پێوە دەکەم کە منیان بۆ وتنی هەڵبژاردووە، من کوردستان و هەولێرم زۆر خۆشدەوێت.

**• چۆن وەڵامی ئەو کەسانە دەدەیتەوە کە رەخنەیان لێگرتی و لە دوارۆژیشدا رەخنەت لێدەگرن؟**

- راشکاوانە پێیان دەڵێم چی دەڵێن بۆ من گرنگ نییە، گۆرانییەکەم لە چەند کەناڵێکی عەرەبی دابەزیوە و بە ملیۆنەها کەس بینیان.

**• دوای ئەوەی گۆرانییەکەت بۆ شـــاری هەولێر وت، نیازی ئەوەت نییە ســـەردانی ئەو شـــارە بکەی؟**

- من پێشـــتر ســـەردانی هەولێرم کردووە، پەنا بە خوا ئەگەر دەرفـــەت هەبێت زۆر حەز دەکەم دووبارە ســـەردانی بکەمەوە، بەتایبەتی ئەمساڵ چونکە هەولێر شارێکی جوانە، گەلی کوردیش میللەتێکی ئاشـــتیخواز و ژیاندۆستە بۆیە من زۆرم خۆشـــدەوێ و ڕێزم هەیە بۆ قوربانیدان و خەباتی ئەم گەلە.



**پرۆفـــایل:**

■ لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٩ی مەغریبە، لە هەشت ســـاڵییەوە دەســـتی بەکاری هونەری کردووەو ئێستا لە میسر دەژیت.

ســـاڵی١٩٧٠ لە تەمەنـــی ١٢ ســـاڵێدا یەکەم ئەلبوومی بڵاوکردەوە و ســـاڵی ١٩٧٧ لە ئیمارات یەکەم ئەلبوومی بە زاراوەی کەنداوی بڵاوکردەوە.

لە ژیانیدا ٤٦ ئەلبووم و ٥٠٠ گۆرانی پێشـــکەش کـــردووە و چەندین خەڵاتی جیاجیای بەدەســـتهێناوە لەوانـــە خەڵاتـــی (BBC International Music Awards)، هەروەها شـــا محەمەدی شەشەم خەڵاتی (وسام القائد)ی پێشکەش کرد.

دووجار هاوســـەرگیری کـــردووە و لـــە هەردووکیان جیابۆتەوە، کوڕێکی هەیە لە هاوسەری دووەمی بەناوی شادی.

# جنیڤەر روو لە نمایشکردنی جلوبەرگ دەکات

بەر لەوەی لە ئاهەنگی پێشکەش کردنی خەڵاتی ئۆسکار دەرکەوێت وەك پێشکەشکاری ئاهەنگەکە لە هەمان کاتدا پاڵێوراو بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین ئەکتەری یاریدەدەر، جنیڤەر لۆرانس سەرنجی چاودێرانی بۆ خۆی راکێشا نەك وەك ئەکتەر بەڵکو لە سێیەم هەڵمەتی ریکلامی بازرگانی بۆ خانەی ناوداری جلوبەرگــی دیور. زۆر لە چاودێران پێشــبینی دەکەن دوای ئــەم ریکلامە جنیڤەر روو لە کاری مۆدێل و جلوبەرگ بکات لە هاوینی داهاتوو، هەڵمەتەکە لە بنەرەتدا بریتییە لە گرتنی چەند وێنەیەکی نوێ لەلایەن وێنەگری ناوداری جیهانی پاتریك دیمارشۆلییە بە نوێترین داهێنانەکانی کریســیتان دیۆر کە خۆی لە چەند جانتایەکی دەســتیدا دەبینێتەوە، ئەوەی زیاتر پێشــبینییەکانی راست کردووە بوونی چەند هەواڵێك بوون گوایە جنیڤەر گرێبەستێکی نوێ لەگەڵ دیۆر مۆر دەکات بۆ ماوەی ٣ ساڵ بە بــڕی ٢٠ ملیۆن دۆلار لە بەرامبەر دەرکەوتنی لە چەند هەڵمەتێکی پروپاگەندە و پۆشینی کراســەکانی مارکەی دیۆر لەسەر فەرشی سور لە کاتی پێشکەش کردنی ئاهەنگی ئۆســکار وەك چۆن پێشتر لە فیستیڤاڵی ئۆسکار و کان دەرکەوتووە، لەلایەکــی دیکە دەنگۆی ئەوە هەیە جگە لە ئەنجامدانی هەڵمەتی پروپاگەندە تەنیا بۆ جارێکیش جنیڤەر کاری مۆدێل بکات بۆ ئەوەی جارێکی تر نەکەوێت و تووشــی هەڵوێستێکی ناخۆش نەبێت وەك ئەوەی پار ســاڵ تووشی هات و کەوتە خوارەوە بۆ ئەم مەبەســتەش پێویستی بە مەشــق و ماندووبوونێکی زۆر هەیە و ئاساییە کە بۆ ماوەیەك ببێتە مۆدێل.





کارۆلین نودینگی شاجوانی ئەڵمانیا بۆ ساڵی ٢٠١٣ لە لێدوانێکی سەیردا ڕایگەیاند ئەو شاجوانانەی جیهان کە بەشدارییان لە پێشبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوانی گەردووندا کرد کە پێش ماوەیەك لە فلیپین ئەنجامدرا بە مشك وەسف کرد و بێزاریی خۆی دەربڕی لە نەشتەرگەرییەکانی جوانکاری کە زۆربەی شاجوانەکانی وڵاتان ئەنجامیان داوە تەنیا بۆ ئەوەی نازناوەکە بەدەست بهێنن و تاجەکە لەسەریان بنێن. لەم بارەیەوە نۆدینگی تەمەن ٢٢ ساڵ وتی: ئەم پێشبڕکێیە لەلایەن پیاوانیشەوە گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت بۆیەزۆربەی شاجوانە بەشداربووەکان نەشتەرگەری جوانکارییان ئەنجامداوە لە بنی پێیانەوە تا سەریان، کارۆلین ئەوەشی ڕاگەیاند کە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە دژی ئەنجامدانی نەشتەرگەری جوانکاری نییە بەتایبەتی کاتێك ئافرەت پێویستی بەم جۆرە نەشتەرگەریانە بێت و بە پێویستی زانی و لەم بارەیەوە وتی: بەلای منەوە زۆر ئاساییە کە ئافرەت نەشتەرگەری جوانکاری ئەنجام بدات بەتایبەت ئەگەر پێویست بێت و بزانێت بەشێکی لەشی جوان نییە و دەبێتە هۆی بێزار کردنی و هاوڕێیان و کەسانی نزیکی ئامۆژگاری بکەن بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری و بە پێویستی بزانن، بۆیە ئەگەر منیش بزانم پێویستمە ئەنجامی دەدەم، کارۆلین سەرسوڕمانی خۆی لە هەندێك لە شاجوانەکان دەربڕی و وتی: شتێکی لۆژیکی نییە کاتێك ئافرەتێك باس لە ٦-٧ کەموکوڕی لە لەشی خۆی بکات لە هەمان کاتدا بەشداری لە پێشبڕکێی شاجوانی جیهاندا بکات و بە نیازی بەدەستهێنانی نازناوەکە بێت.

# شاجوانی ئەڵمانیا شاجوانی وڵاتانی دیکە بە مشک وەسف دەکات



## ئەدیل ٣٠ ملیۆن جونەیی بەبێ ماندوو بوون دەستکەوتووە

خانمە گۆرانیبێژی سکای فۆل ئەدیل بڕی ٣٠ ملیۆن جونەیهی بردەوە بێ ئەوەی هیچ کارێکی هونەری ئەنجام بدات یان ئاهەنگێك ساز بکات یان ئەلبوومێکی هونەری بڵاو بکاتەوە، بەڵام کۆمپانیای Melted Stone کە خۆی خاوەنیەتی و کارەکانی پێ بەڕێوە دەبات ڕایگەیاند کە لە ساڵی ٢٠١٣ قازانجی گەیشتە زیاتر لە ٣٠ ملیۆن جونەیهی ئیسترلینی. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (زە سەنی ) بەریتانی جگە لە ئەنجامدانی کارە هونەرییەکان وەك کۆنسێرت و بڵاوکردنەوەی سیدی و دی ڤی دی و گەشتە هونەرییەکان ئەدیل لە ساڵی ڕابردوو بڕی قازانجەکانی گەیشتە زیاتر لە ٣٠ ملیۆن جونەیهی ئیسترلینی بە چەندین شێوە بۆ نموونە کۆمپانیاکەی وەك بەڵێندەر خانووەکی وەرگرت بە بڕی ١٢،١ ملیۆن جونەیە کە کرێیەکەی نزیکەی ٥ ملیۆن بوو و قازانجەکانی ئەم خانووە لە کرێ و دروستکردنی گەیشتە زیاتر لە ٧ ملیۆن جونەیهی ئیسترلینی، ئەگەرچی لە ساڵی ڕابردوو هیچ بەرهەمێکی نوێی بڵاو نەکردەوە، هەروەها هیچ گۆرانیی نوێی نەبوو و هیچ ئاهەنگێکی ڕاستەوخۆشی ئەنجام نەدا، ئەمەش بە دەستکەوتێکی ماددی گرنگ دادەنرێت. شایەنی باسە بەر لە ٣ ساڵ ئەدیل ٢١ مین ئەلبوومی خۆی بڵاوکردەوە هەر ئەم ئەلبوومەش بووە هۆی ئەوەی شوێنی پتەوتر بێت و داهاتیش زۆر زیاد بکات، بەهۆی زۆر فرۆشتنی ئەلبوومەکە.



## رۆژین شەریفی:

# بۆ بەشداری کردن لە هەر کارێکدا مەرج

**وەك زۆربەی ئەو کچانەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە حەز و خولیایان لە هونەر و نواندنە، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەتی دەرفەتیان بۆ نەڕەخساوە، (رۆژین شەریفی)یش سوودی لەو ئازادی و ئەو دەرفەتە وەرگرتووە کە لە باشووری کوردستان بۆیان رەخساوە بۆ ئەوەی لە بواری نواندندا بتوانن توانا و بەهرەکانی خۆیان نیشان بدەن، رۆژین یەکەم کار کە تێیدا دەرکەوت و ناسرا زنجیرە درامای (دووپشك) بوو کە تێیدا سەرکەوتووانە رۆڵەکەی خۆی بینی، ئەم زنجیرەیە کە لە شاشەی سەتەلایتی کوردستان نمایش کرا، باس لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات و چەند حاڵەتێکی نامۆی نێو کۆمەڵگا نیشان دەدات کە خەریکە دەبن بە دیاردە، رۆژین خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام ئێستا لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە، لەم دیمانەیەدا وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە**

*** لە کارێکدا دەرکەوتی دواتر ون بووی و لە کاری تردا نەمانبینیی؟**

- ڕاستە، بەڵام ون بوونی من تەنیا لەسەر شاشە بووە، چونکە من بەردەوامم و دانەبڕاوم لە نواندن . هەر چەندە بە لای منەوە زۆر دەرکەوتن و زۆر بەشداری کردن لە کارەکاندا گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کە ئەو کارانەی وەریان دەگرم لە ئاستێکی باشدا بن بەجۆرێك دواتر لێیان پەشیمان نەبمەوە .

*** تا چەند بە رۆڵەکەی خۆت رازی بووی لە (دووپشك) و چ شتێك زیاتر سەرنجی راکێشایت؟**

- دووپشک یەکەم ئەزموونی من بوو وەکو نواندن، بێگومان دەکرا باشتر بم، دوای بڵاو بوونەوەی دووپشک رەزامەندی و پشتگیری خەڵک لە من و کارەکە زۆر سەرنجی ڕاکێشام و هانی دام بۆ ئەوەی بەردەوام بم لە هەمان کاتدا هەوڵ بدەم کاری باشتر پێشکەش بکەم .

*** لەسەر چ بنەمایەك دەرهێنەر تۆی بۆ ئەم رۆڵە هەڵبژارد؟**

- دیارە پێش ئەوەی کە بڕیاری بەشداری کردنم بدرێت بۆ بینینی رۆڵی (چاوان)، لەلایەن دەرهێنەرەوە تاقی کرامەوە و هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنم، گونجانم لەگەڵ کاراکتەری (چاوان) بوو.

*** دووپشك یەکەم کارت بوو، ترسی ئەوەت نەبوو لە یەکەم کاردا رۆڵی سەرەکی ببینیت و سەرکەوتوو نەبیت؟**

- پێم وابێت سترێسی باش نەبوونی ئەنجامی ئیش هەموو کات لەگەڵ ئەکتەردا هەیە و پەیوەندی بە ژمارەی ئیشەکان نەبێت. بۆ رۆڵی سەرەکیش دەبێ بڵێم ئەکتەر بەرپرسە لە نواندن بە باشترین شێوە کە لە توانایيدا هەیە بۆیە ڕۆڵی لاوەکی و سەرەکی نابێت جیا بکرێتەوە لە ڕووی نواندن و گرنگی دانەوە هەردووکیان سترێس و قورسی خۆیان هەیە.

*** دوای (دووپشك) و (غوربەت) ئێستا چی دیکەت هەیە؟**

- بەشداریم کردووە لە فیلمی سینەمایی «کلاسیکۆ» کە لە دەرهێنانی سینەماکار هەڵکەوت مستەفا، ئێستا لە قۆناغی وێنەگرتندایە و بڕیار وایە لە سەر ئاستێکی نێودەوڵەتی پەخش و بڵاوبکرێتەوە .

*** سینەماکار هەڵکەوت مستەفا چۆن تۆی بۆ فیلمە سینەماييیەکەی هەڵبژارد؟**

- بێجگە لەو مەرجانەی کە بۆ نواندن پێویستە، بە لای کاک هەڵکەوتەوە سروشتی بوونی ڕووخسارم زۆر گرنگ بوو، هەروەها زۆر گرنگ بوو کە لەگەڵ دوو کارەکتەرە سەرەکییەکەی کلاسیکۆ پەیوەندییەکی باش دروست بکەم بۆ ئەوەی رۆڵەکانمان سەرکەوتووانەتر بەرجەستە بکەین.

*** دراما و سینەما نواندنە، بەڵام تۆ لە کامیان زیاتر خۆت دەبینیەوە؟**

- ڕاستە هەر نواندنە، بەڵام سینەما جیاوازتر و حەساسترە لە هەموو ڕوویەکەوە لە ئامادەکردنەوە بگرە تاوەکو نواندن، بە گشتی زیاتر خۆم لە سینەمادا دەبینمەوە، چونکە لە هەموو ڕوویەکەوە گرنگی زۆرتری پێدەدرێت لە کاتی وێنە گرتن.

*** لە خانەوادەکەت پێشتر کەسیان کاری نواندنیان کردووە؟**

- نەخێر بنەماڵەی من بنەماڵەیەکی سیاسییە، بۆیە هونەرمەندمان لە ئاستی دەرکەوتندا نەبووە و من یەکەم کەسم لە خانەوادەکەم کاری هونەری نواندن ئەنجام بدەم.

*** تۆ ئێستا قوتابی کۆلێژی لە هەمان کاتدا هونەرمەندیشی، رۆژانە ژیانی خۆت چۆن رێکدەخەی لەنێوان کۆلێژ و ماڵ و کاری هونەری؟**

- خوێندنم لە زانکۆ ڕۆژانە بە لایەنی کەمەوە ٨ کاتژمێر دەبێت بۆیە زۆربەی کاتی رۆژانەم دەگرێت و دواتریش وەرزش ئەنجام دەدەم، ئەمەش بەشداری کردنی منی لە کاری هونەری قورستر کردووە، بەڵام هەوڵم داوە لە کاتی پشووەکانمدا بەشدار بم لەو کارە هونەریانەی کە پێشکەشم دەکرێن، دیارە تاوەکو ئێستا بۆ ڕێکخستنی کاتەکانم



## ـــی تایبەتیی خۆم هەیە

دەرهێنەران و ستافی ئەو ئیشانەی بەشدار بووم زۆر یارمەتیان داوم، چونکە ئەگەر یارمەتیم نەدەن ناتوانم کاتەکانم بەوشێوەیە رێك بخەم کە پێویستە .

*** رۆڵی (چاوان) هەست ناکەی جورئەتی زۆری تێدا بوو؟**

- بەلای منەوە تەنها دەرخستنی راستی ژیانی کچێکی عاشـــق بووە و عاشـــق بوونیش خۆی لە خۆیدا جورئەتی دەوێت، بۆیە پێویستە وا بێت.

*** لە داهاتوودا بـــۆ کارە هونەرییەکان هیچ مەرجێکت هەیە بۆ بەشداری کردن؟**

- بێگومان بەپێی ســـیناریۆ و ئاســـتی دەرهێنانی کارە هونەریەکان مەرجی خۆمم دەبێت، مەرج نییە لە هەموو کارەکان هەمان مەرجم هەبێت، واتە مەرجەکانم پەیوەســـتن بە رۆڵەکەوە .

*** زۆر لە کچانی رۆژهەڵاتی کوردســـتان لە نواندنـــدا رۆڵی باش دەبینن و جورئەتێکی زۆریان هەیە لە نواندن و بینینی رۆڵەکانیان، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ســـەربەخۆیی و ڕچەشـــکێنییەک لە کچانی ڕۆژهەڵات هەیە هۆکاری سەرەکیی ئەو جورئەتەیە، هەروەهـــا هونەر تـــا رادەیەک لـــە ژیانی هەموو تاکێک بە شـــێوازە جیـــاکان گرنگی زۆری پێ دەدرێت.

*** بە چ ئەکتەرێکی کورد سەرسامیت؟**

- مامۆستا جیهاد دڵپاکی خوا لێخۆش بوو.

*** ئەی لە ئەکتـــەرە جیهانییەکان کێ زیاتر سەرنجی راکێشاوی؟**

- جۆنی دیپ و سکارلێت جوهانسۆن و لە ئێرانییەکانیش گولشیفتە فەراهانی.